www.northwardshousing.co.uk

# پێشەکیەك بۆ کرێچیان

## ڕێنمایی بۆ کرێچیە تازەکان

# Your introductory tenancy

## A guide for new tenants

ئەتوانیت ئەم بڵاوکراوەیەت بەدەست بکەوێت بە چاپی گەورە و برایڵ  وە هەروەها لەسەر شریت.

## بەخێر بێیت بۆ ماڵە تازەکەت
وەك کرێچیەك مافت هەیە و هەروەها ئەرکی سەرشانیشت هەیە. هەروەها ئێمەش. عەقدی خانووەکەت هەموو ئەم یاسایانە باس دەکات.

ئەم یاسایانە دابینی دەکات کە تۆ ئەتوانیت سوود لەم یارمەتیانە وەربگریت. ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە تۆ و کۆمەڵگاکەت بپارێزین لە خوڕەوستی دژ بە کۆمەڵ. ئێمە دڵنیاین کە تۆ دەتەوێت یارمەتیمان بدەیت.

ئێمە ماوەی تاقیکردنەوە دەدەین بە کرێچی تازە بۆ ئەوەی کە دەری بخەن کەوا دەتوانن پابەند بن بە عەقدی خانووەکەوە، چاوودێری ماڵەکەیان بکەن ودەنگە دەنگ نەك کە دراوسێکانیان زوویر بکەن.

ئەم ماوەی تاقیکردنەوەیە دەروازەیەکە بۆ کرێچیان

## دەروازەی کرێچیان
وەك کرێچیەکی تازە پێویستە تۆ ئیمزای دەروازەی کرێچیان بکەیت پێش کە تۆ بچیتە ناو ماڵەکەوە. ئەگەر تۆ هیچ کێشەیەکت نەبوو تا کۆتایی ماوەی دەروازەکە ئەوا تۆ ئۆتۆماتیکلی دەبیت بە کرێچیەکی بەردەوام لەمەشەوە هەموو مافەکان وەك کرێچیەکی شارەوانی وەردەگریت. هیواداری لەو ماوەیدا کە هیچ کێشەیەکت نەبووبێت و بەرەو کرێچیەکی بەردەوام بڕۆیت. ئێمە هەردەم هەوڵ دەدەین کە یارمەتی بدەین ئەگەر هەر قورساییەکت هەبوو. بەڵام پێویستە ئەوە بزانیت کە چی ڕوودەدات ئەگەر عەقدی خانووەکەت بشکێنیت – ئەم بڵاوکراوەیە پێت دەڵێت.

## جۆرەکانی کرێچێتی
دوو جۆر هەیە لە کرێچی:

- دەروازەیی یان (سەرەتایی)
- پارێزراو (بەردەوام)

تۆ دەست پێ دەکەیت وەك کرێچیەکی سەرەتایی. ئەمە مانای وایە کە تۆ هیچ مافێکت نیـیە وەك کرێچیەکی بەردەوام و هەروەها دەتوانرێت کە تۆ دەربکرێیت بە ئاسانی ئەگەر مەرجەکانی عەقدی خانووەکەت شکاند.

## مافەکان
هەر وەك کرێچیەکی سەرەتایی یاسا ماف نادات بە تۆ کە ماڵەکەت بکرێیت، بەشێك لە ماڵەکە بەکرێ بدەیتەوە بە یەکێکی تر یان چاکسازی تیا بکەیت یان ماڵەکەت بگۆڕیتەوە لەگەڵ کرێچیـیەکی تردا.

بەڵام هەرچەندە، تۆ ئۆتۆماتیکلی مافی یاساییت نیـیە بۆ ئەم شتانە (وەك کرێچیەکی بەردەوام). ئەتوانیت داوای مۆڵەت بکەیت بۆ ئەم شتانە وەك چاکردنەوە یان گۆڕینەوە ئەوا ئێمەش بریار دەدەین کە ئەگەر تۆ هەستیت بەم کارە یان نا.
ئەگەر کێشە هەبوو
زۆربەی خەڵکی ئەم قۆناغە دەبڕن بە ئاسانی بۆ قۆناغی کرێچی بەردەوام. بەڵام زۆر بە پەلە کار دەکەین دژ بە تۆ لەکاتێکدا ئەگەر مەرجەکانی عەقدی خانووەکەت بشکێنیت. ئێمە هەموو کاتێك لەپێشدا لێدەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بتوانین شتەکان چارەسەر بکرێن – بەڵام ئەگەر ئەم کێشەیە گەورە بوو یان تۆ هاوکاریمان نەکەیت لە هەوڵەکەماندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک ئەوا ئێمە کاری یاسایی بەکار دەهێنین بەرامبەر بە تۆ بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەرت بکەین لە ماڵەکە.

## کرێ
لە عەقدی خانووەکەتدا دەڵێت کەوا تۆ پێویستە کرێی خانووەکەت بدەیت و وە هەروەها دەبێت پارەی کرێکە بدەیت لە کاتی خۆیدا. ئەگەر تۆ دوو هەفتە لە دواوە بوویت ئەوا پەیوەندیت پێوە دەکەین. دەکۆڵینەوە لەوەی کەوا تۆ یارمەتی ڕاستەقینە وەر دەگریت و وات لێ دەکەن کە ئەو پارەی قەرزە بدەیت بە نرخێکی کەم بە بەردەوامی لەسەرو ئەو پارەی کرێیەی کە هەفتانە دەیدەیت. بەڵام ئێمە کاری یاسایی وەردەگرین کە دەرت بکەین لە ماڵەکە ئەگەر دوا بکەویت لە دانی پارەی کرێکە بۆ ماوەی (5) پێنج هەفتە – وە هەندێ جار زووتر لەوەش. هەروەها ئێمە کاری یاسایی وەردەگرین ئەگەر تۆ بە بەردەوامی دوا بکەویت لە دانی پارەی کرێکە یان بەردەوام نەبێت لە دانی پارەی قەرزەکەی کە بۆت ڕێك خرابوو.

## خوڕەوشتی دژ بە کۆمەڵ
پێویستە ئێمە کۆمەڵگاکەی تۆ بپارێزین و لەگەڵ خانووەکەی ئێمە. لەبەر ئەوە ئەگەر یەکێك پێمان بڵێت کەوا تۆ هەڵدەستیت بە کاری دژ بە کۆمەڵ. ئێمە دەکۆڵینەوە لەم سکاڵایە و بەدوای بەڵگە دەگەڕێین، چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتەکان دەکەین و دەیان بەین بۆ پۆلیس. ئەگەر ئەمە دەری خست کەوا ئەم سکاڵایە ڕاست بوو ئەوا هەڵوێست وەردەگرین. ئەگەر کێشەکە زۆر بچوك بوو ئەوا پێت دەڵێین کە خوڕەوشتت بگۆڕیت – لەوانەیە ناوبژی کەری شارەزا بهێنینە ناوەوە.

بەلام ئەگەر هاوکاریمان نەکەیت یان خورەوشتەکانت زۆر دژ بە کۆمەڵن وەك (توندوتیژی یان تەعەدای ڕەگەزپەریستی)، ئەوا دەرفەتی دووهەمت نادرێتێ. هەڵوێستی یاسایی وەردەگرین بەرامبەر بە تۆ بۆ ئەوەی دەربکرێیت.
زۆر گرنگە کە لە بیرت بێت کەوا تەنها تۆ بەرپرسیار نیت لە ئەو خورەوشتانەی خۆت کە دەیان کەیت............

ئێمە هەڵویست وەردەگرین بەرامبەر بە تۆ ئەگەر ئەو کەسەی کە خورەوشتی دژ بە کۆمەڵ دەنوێنێ کەسێکە کە لەگەڵ تۆ دەژی یان میوانە لە ماڵەکەی تۆ و قەید ناکات کە ئەو کارە ڕووی دابێت لە ماڵەکەی تۆ یان دەرەوەی ماڵەکە یان هەرشوێنێك لە ناوچەکەدا.

## بارودۆخی تر

لەوانەیە هەندێ بارودۆخی تر هەبێت لە کاتێکدا کە دەمانەوێت دەرت بکەین بۆ نمونە بەکارنەهێنانی ماڵەکەت وەک ماڵی سەرەکی واتە نەمێنیتەوە لە ماڵەوە زۆربەی کات. کە لە عەقدی خانووەکەتدا ئەمانە هەمووی ڕوونکراوەتەوە.

هەروەها لەوانەیە کەوا پێویست بکات کە لات بەرین لە ماڵەکەت لەبەرئەوەی کە پێویست بکات کار و باری بیناکردن دەکرێت یان چاکردنەوە یان دەبێت بروخێنرێت. بەڵام لەو حاڵەتەدا ماڵێکی ترت بۆ دەرەخسێنین.

## هەڵوێست وەرگرتن

ئەگەر بمانەوێت کە کرێچیەکی لە جۆری بەردەوام دەربکەین لەبەرئەوەی (پارەی کرێکەیان نادەن یان دەنگە دەنگ زۆردەکەن کە دەبێتە هۆی زویربوونی دراوسێکانیان). لەبەر ئەوە دەبێت دەرفەتیان بدەینێ کە بەرگری لە خۆیان بکەن لە دادگا. لە پاشاندا دەکەوێتە سەر دادگا کە بڕیار بدات ماڵەکە چۆڵ بکەن یان نا.
بەڵام ئەگەر بمانەوێت کرێچیەك لە جۆری تازەکان دەربکەین ئەوا کارەکە ئاسانتر و خێراترە.

## چاووپیاخشاندنەوە

ئێمە بۆت دەنووسین بە نامە کەوا ئێمە دەچین بۆ دادگا بۆ ئەوەی کە تۆ دەربکەین. ئەتوانیت داوای چاووپیاخشاندنەوە بکەیت بەڵام ئەمە دەبێت بکرێت لە ماوەی (14) چواردە ڕۆژدا.

کارمەندەکان تەماشای حاڵەتەکە دەکەن بۆ جارێکی تر بۆ ئەوەی بزانن کە هەموو شتەکان کراون بە ڕاستی. هیچ کامێکیان بەشدار نەبوون لەم کێشەیەدا لەوەو پێش.

ئەگەر ڕازی بوون کە دەرکردنەکە دەبێت بکرێت ئەوا تۆ ناتوانیت داوای ڕەخنە بکەیتەوە بۆ کەسێکی تر. هەرچەندە ئێمە دەبێت پرس بە دادگا بکەین کە دوا بڕیاری تەواوەتی بدات. وە دەرکردنەکە ڕوودەدات ئەگەر بە هەنگاوەکاندا بڕۆین بە تەواوەتی.

## ئامۆژگاری

ئەگەر هەڵوێستێکی وەك ئەمە وەربگرین، ئەوا تۆ دەتوانیتئامۆژگاری وەربگریت لە (سیتیزن ئەدڤایس بیرۆ، لۆ سێنتەر، هاوسینگ ئەدڤایس سێنتەر یان پارێزەرەکەت).

## بوون بە کرێچیەکی بەردەوام

ئەگەر هیچ کێشەیەك نەبوو لە ماوەی سەرەتایی کرێچیان ئەوا تۆ ئۆتۆماتیکلی دەبیت بە کرێچیەکی بەردەوام لەو ڕۆژەوەی کە لەسەر پێشەوەی عەقدی خانووەکەت نووسراوە. بە نووسین پێت دەڵێین کە ئەمە کەی ڕوو دەدات.

## لێرەین بۆ یارمەتی دان

ئەم بڵاوکراوەیە پێت دەڵێت کە چی ڕوودەدات ئەگەر کێشە هەبوو لە سەرەتای ماوەی کرێچیبوونەکەتدا. ئەمەش بۆ ئەوەی دەری بخات کەوا ئێمە زۆر بە تەواوەتی ئەم کارەمان گرتووە لەبارەی دانی کرێ و پارێزگاری کردنی خەڵك لە بەرامبەرخورەوشتی دژ بە کۆمەڵ.
بەڵام زۆربەی کرێچیە سەرەتاییەکان زۆر باشن و ئەم ماوەیە بە ئاسانی و بی کێشە دەبەنە سەر تا دەبنە کرێچی بەردەوام.

بە دڵنیاییەوە، وەك کرێچیەکی سەرەتایی هەموو مافێکی پاراستنت دەبێت هەروەکو کرێچیەکی بەردەوام. ئەگەر تۆ تاوانبارکراویت لە ئەنجامی خورەوشتی خراوی یەکێکی تر لە ماوە سەرەتاییەکەی کرێچیبوونەکەتدا ئەوا ئێمە یارمەتیت دەدەین بە هەمان شێوە کە وەك تۆ دەژیت لە ماڵەکانی شارەوانی لە هەموو ژیانتدا.

ئەگەر هەر شتێکت هەیە لە بارەی کرێچیبوونەکەتەوە یان هەر بەشێکی تری خزمەتگوزاریەکانی هاوسینگ ئەوا تەلەفۆن بکە بۆ :
.0161 953 2662